

# چرا و ڕێگا

نووسینی: ئەلەند بەهادین

چاپی یەکەم

# چرا و ڕێگا

نووسینی : ئەلەند بەهادین

ساڵی : ٢٠٢٣ز. - ١٤٤٤ک.

## پێشەکی

## بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

حەمد و سەنا بۆ ئەو خوایەی هیدایەت و گومڕاکردنی بەدەستە، ڕێنمووی و گومڕای دەکات هەرکەسێکی مەبەستە، بەرزی و پیرۆزی بۆ ئەو خوایەی دڵەکانی ڕادەستە.
وە صەڵات و سەلام لەسەر ئەو کەسەی ئیماندارانی کردە یەک دەستە، ئیمانبوون بەم دوانە تامێکی نەبڕاوەیە سەلام لەو عەبدانەی تێ ئەگەن لەم هەستە.

چاو بخشێنە تا چیرۆکی نووسینی ئەم نامیلکەیە بۆ بنووسم.. بەڕاستی زۆر دۆستی خۆم لە کاتە ناهەموارەکانیاندا دەهاتن تا قسەیان بۆ بکەم، منیش خزمەتم دەکردن تا دڵیان ئاسوودە دەبویەوە. وە کۆمەڵە قسانێکم دەکرد کە خۆشم پێیان سەرسام دەبووم، وام هەست دەکرد ئەو قسانە سوودێکی زۆری بۆ خۆشم هەیە.

بەڵام کێشە قوڵەکە لەوەدا بوو لە کاتێکدا خۆم تووشی کاتێکی ناهەموار بیام یان تووشی کەوتنێک و ڕوخاوییەک بایەم، چونکە بەڕاستی هەموو مرۆڤێک چەند زەمەنێک لە زەمەنەکانی ژیانی تووشی داخورپانێک دەبێ،

جا هەندێکات هۆکارێکی گەورەی لە پشــتە و هەندێکات تەنیا هۆکارێکی بچوکە و تەنانەت هەندێکات بێ هۆکارە، لەو کاتانەدا زمانی قســەکردنم دەتۆرا و هیچ خزمەتێکم نەبوو بۆ خۆم، وەک بڵێی خزمەتگوزارییەکانی مێشکم ڕاگیرابن. لە کۆتاییدا و دوای چەندین و چەندین جار لەم کێشەیە بە ئەزموونەوە لە پەندی «ژیری هەموو کات میوان نییە.» تێگەشــتم و بڕیارم دا چەند ئامۆژگارییەک لەسەر چەند پەڕە کاغەزێک بنووسم و لەو کاتانەدا بیانخوێنمەوە تا ببنە ڕێنیشــاندەرێک و یادخەرەوەیەکی ڕێگا و دووبارە ســەرلەنوێ هەســتمەوە، بۆیە ئەمانە کۆمەڵە ئامۆژگارییەکی خەمڕەوێنن لە منەوە بۆ تۆی دۆســتم، تا ئەگەر دەســتت پێنەکردووە دەســتپێبکەیت لەگەڵی، وە ئەگەر دەســتت پێ کردووە بەردەوام بیت لەگەڵی.

ئەگەر ئەم نووســینانەم درێژ کردایەتەوە، دڵنیات دەکەمەوە بە چەندین پەڕەی دیکە تەواو نەدەبووم، وە چەندین نووسراوی ئامادەکراو هەیە کە لامبردوون چونکە ویستم کورتڕەوی تێدا بنەخشێنم کە بە چەند وتەیەکی کەم چەندین واتای زۆر بچێنم.

وە دووبارە دڵنیات دەکەمەوە کە لەژێر هەر پیتێکا چیرۆکێک و ئەزموونێکی گەوهەر ئاســام شــاردۆتەوە، ئافەرین بۆ ئەو کەســەی لێم تێدەگات.

بۆیە وەسێتت بۆ دەکەم پەڕە پەڕەی بە سەرنجەوە هەڵبدەوە.

لە سەرەتادا ئەم نووسینانە بۆ خۆم بوو بۆیە بەو زمانە نووسیم کە خۆم باشــتر لێی تێدەگەم، وە بەردەوام بووم بەو شــێوازە چونکە گومانم وایە

زۆرینەی کەس لەمە تێبگەن کە نەهێندە زمانێکی قورسە کەسی سەرەتایی لێی تێنەگات وە نەزمانێکی هێندە ساکارە کەسێکی ئاستبەرز لێی ڕانەمێنێ.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماومە دەمەوێ بڵێم ئەگەر سوودێکت لەم نامیلکەیە بینی و باشەیەکی تێدا بوو ئەوا هی خۆم نییە و لە پەروەردگارمەوەیە و نزای خێرم بۆ بکە، وە ئەگەر خراپەیەکی تێدا بوو ئەوا لە منێکی تاوانبار و هەڵەکارەوەیە نزای خراپم لێ مەکە.
وە نووسەر و خوێنەریش قەرزداری ئەو پەرستراوەین فێری نووسین و خوێندنەوەی کردووین.

## چرۆ بکە

ئەگەر پرسیاری باشترین مامۆستام لێ بکەی ئەوا ئاڕاستەت دەکەم بۆ گۆڕستان، چونک باشترین مامۆستاکان مردووەکانن. ئەوە ئەوانن لە حەقیقەتی ئەم خەیاڵە تێگەشتوون کە ناوی دونیایە، ئەوە ئەوانن لە کۆتایی ڕێگاکە تێگەیشتوون.

تەرکیز کە.. باشترین مامۆستا ئەو کەسە نییە کە شتی زۆری بینیوە بەڵکوو باشترین مامۆستا کەسێکە لە شتی زۆر تێگەشتووە. هەر ئەم تێگەشتنەشە گەورەیی مرۆڤ دیاری دەکات، هەیە لەگەڵ زەمەنی خۆی گەورە دەبێت، هەیە بە بچوکی گەورە دەبێت، هەیە گەورەیە و گەورە نەبووە.

لێم وەرگرە، تۆ کاتێ گەورە دەبی کە تێدەگەی.

**گەورە نابی لە تێگەشتن تێ نەگەی**
**تێگەشتی لە تێگەشتن، پێ ئەگەی**

دانیشە لەگەڵم تا چەند خاڵێکت تێبگەیەنم..

# تێگەیشتن

**پێش خاڵەکان با باسێکی تێگەیشتن بکەین..**
**تێگەیشـــتن لە ئەنجـامی بیرکردنەوەوە پەیـدا دەبێـت، دەتوانم بڵێم تێگەیشتن و بیرکردنەوە دوو هاوڕێی ئازین کە مرۆڤ لەگەڵ بیرکردنەوە تێدەگات و لەگەڵ تێگەیشتن زۆرتر بیر دەکاتەوە.**

**هەر وەک پەروەردگار دەفەرموویێت:** وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِـــكُمْ أَزْوَ جَا لِّتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَ لِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ **(الروم : ٢١)**

**واتە: وە لە نیشـــانەکانی پەروەردگار هاوســەرانێکی بۆ درووســت کردوون لە ڕەگەزی خۆتان بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایاندا وە خۆشەویستی و بەزەیی خسـتۆتە نێوانتان بەڕاسـتی لەوەدا بەڵگە و نیشـانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە بیردەکەنەوە.**

ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّـــمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ (ال عمران ١٩١)

**واتە : ئەوانەی کە یـادی خـوا دەکەن بەپێوە و بەدانیشـــتنانەوە بەڕاکشـــانەوە وەبیردەکەنەوە لەدرووســـت کردنی ئاســمانەکان و زەوی (دەڵێن) ئەی پەروەردگارمان ئەم (جیهانەت) درووســـت نەکردووە بەبێ هودە و لە خۆڕا پاک و بێگەردی بۆ تۆ دەســا تۆش بمان پارێزە لە ســزای ئاگری دۆزەخ.**

وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ **(الأنعام ٣٢)**

**واته: وه ژیانی دونیا هیچ نییه بێجگه گاڵته و سـەرقاڵیی نەبێت وه بێگومـان مـاڵی دوارِۆژ چـاکتره بۆ ئەوانەی خۆیـان دەپـارێزن و له خوا دەترسن دەی ئایا بۆ تێناگەن؟**

# تێبگە لەوەی دەبێ تێبگەی

لە کاتێکدا کە ئەم نامیلکەیە دەخوێنیتەوە و توانای خوێندنەوەت هەیە، وە لە وشـــەکان تێدەگەیت و دەتوانیت لێکیان جیا بکەیتەوە، واتە لە تەمەنێکدایت کاتی ئەوەت هاتووە بە دوای خۆتدا بگەڕێی.

ئازیزی من ... هەڵاتن لە ڕاســتییەکان و خۆ دزینەوە لە حەقیقەتی ژیانی دونیا و فێرنەبوون و بیرنەکردنەوە و تێنەگەشــتن سرووشــتی منداڵی بچوکە. لێم وەرگرە هەرکات پیاوێکی ٩٠ ســاڵت بینی لەم ڕۆتین و بێ مانابییەدا دەژیا، ئەوا هێشــتا لە منداڵیدا ماوەتەوە. ناکرێ مرۆڤ لە ئاسانیدا بــژی و بەرهــەمــی هــەبــێــت هــەر وەک پــەروەردگــار دەفەرموویت: (لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ) البلد:٤

واتە : بێگومان مرۆڤمان درووست کردووە لە ناڕەحەتیدا.

چونکە بنچینە و ئەســڵی مرۆڤ لە بوونیادنان و بەرەوپێش چوون و تێگەشــتن و گەڕان بە دوای حەقیەقتدایە، ئەوە ئاژەڵە بەردەوام وێڵی خەو و خواردن و بەتاڵ کردنەوەی ئارەزووەکانی و ژیانی ڕۆتینە.

ئەوەی ئێستا من دەمەوێ بەرزکردنەوەی ئاستی غیرەتی تۆیە، دەمەوێت هەست بە خۆت بکەیت هەست بە ڕێز و شکۆی خۆت بکەیت.

چۆن؟

ئێستا قەڵەم و کاغەزێک بهێنە، ئەو شتانە بنووسە کە تا ئەم تەمەنەت بە دەســتت هێناوە، لە پەڕەیەکی دی ئەو شــتانە بنووســە کە بە دەســتت دەهێنا ئەگەر وازت لە خنکاندنی کات هێنابا، لە شــتی بێکەڵک و وزە و

**توانای خۆت تەرخان بکردایە لە ماناداریدا. ئێستا چاوەکانت ئەبڵەق بکە و جوان بڕوانە کە لە کوێیت و دەکرا لە کوێ بیت.**

**دەڵێم ... چیدی ڕامەکە، ڕووبەڕووی ڕاستییەکان ببەوە و لە هەر بارودۆخێکدا بوویت بیرت بێت..**

**بنچینەی تۆ کۆشش و ماندووبوونە بۆ خۆ بنیادنان، ناکرێ لە مرۆڤبوون دەرچیت و ئاسوودە بیت.**

## تێبگە لە دڵت

دڵ کۆگای هەستەکانی مرۆڤە، وەک خۆشەویستی، ڕق، دڵخۆشی، دڵتەنگی، چالاکی، بێزاری، ئاسوودەیی... زۆری تریش.

دڵ پایتەختی جەستەیە هەر ڕووداوێک ڕوو بدات لەسەر جەستەش کاریگەری دەبێت وەک (نێردراوی الله ﷺ ) دەفەرمووێت: **( ألا وإنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةً، إذا صَلحَتْ، صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وإذا فَسَدَتْ، فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ، ألا وهي القَلْبُ ).** رواه البخاری برقم ٥٢ و مسلم برقم ١٥٩٩

واتە : ئاگاداربن لە جەستەدا پارچە گۆشتێک هەیە، ئەگەر چاک بوو، هەموو جەستە چاک دەبێت، ئەگەر خراپ بوو هەموو جەستە خراپ دەبێت، ئاگادار بن ئەو پارچە گۆشتەش دڵە.

دڵت قوومێک بێ ئاگایی بەسە تا ژیانت خراپ بکات، هەروەک دڵۆپێک مەرەکەب کە بیخەیتە ناو پەرداخێک ئاوی ڕوون چۆن تێکی دەدات و لێڵی دەکات.

ئامۆژگاریت دەکەم .. کە تێبگەیت لەم کانگای هەستە، تێبگە لەم هەموو هەست و شعورەی دڵت زەخیرەی کردوون. تۆ بەستە کە لێیان تێبگەیت تا کۆنترۆڵیان بکەیت، با پێت بڵێم کۆنترۆڵ کردن چۆنە..

تۆ دەکرێت لە ناو ناز و نیعمەتدا بێزار بیت، دەشکرێت لە ناو قوورسایی ژیاندا دڵخۆشبیت.

من نالێم وا بژیێ کە هەرگیز خەمباریت ئاڕاســتە نەبێت، نا نەخێر مرۆڤ وەک پیانۆ وایە جارجارە ڕەشـاییەکانیش بەکار نەهێنێت ئاوازێکی خۆش ناهۆنێتەوە.
بەڵام ئەمەوێ بتخەمە ناو ژیانێک کە هەســتەکانت ســنووردار بکەیت، با دڵـخـۆشــیـیەکـانـت هـێـنـدە تـێـنەپەڕن ژیـانـی دونـیـات لـێ بـبـێـتە خۆشـویسـتراوترین مادە وە با ئازار و خەمەکانیشـت هێندە تێنەپەڕن لە ژیـانـت بخەن، شــوێن و کـات و چۆنییەتی و چەنـدییەتی و هۆکـاری هەستەکانت بزانە.

وە جیـاوازی نێوان هەســتەکـان بزانە و لێیـان ورد ببەوە، بۆ نموونە بە داخەوە تا ئێستا زۆرینەی خەڵکی هە ستی ئا سوودەیی و چێژوەرگرتنیان پێ یەکە، لە کاتێکدا نەک تەنیا جیاوازن بەڵکوو پێچەوانەشــن، ئەکرێ لە باوەشی خێزانتا نائاسوودە بیت وە ئەشکرێ لە پێشەوەی بەرەی جەنگ ئاسوودەبیت. جیاوزییان ئەوەیە کە چێژ خۆ شی دەبەخشێت بە جە ستە بەڵام ئاسوودەیی خۆشی دەبەخشێ بە ڕۆح. وە کۆنترۆڵی ماوەی خۆشی چێژەکە لە دەســت خودی کارەکەدایە بەڵام کۆنترۆڵی ماوەی خۆشــیی ئاســوودەییەکە لە دەســت خودی خۆ تدایە، من هەمیشــە وتوومە کە «خۆشــترین خواردنی دونیـا تـا ئەو کـاتە خۆشــە کە تێردەبیـت.» واتە چێژەکان لەگەڵ تەواو بوونی کارەکە خۆشــییەکەشــی نامێنێت، بەڵام تۆ خۆت بشــۆ و بڕۆ شــوێنێکی تاریک و دوو ڕکاعەت نوێژ بکە و واز لە دونیا بێنە بۆ خۆت موناجات بکە لەگەڵ پەروەردگارت و دان بە تاوانەکانتدا بنێ

و باسی خۆتی بۆ بکە، کاتێک هەڵدەستی دەبینی هەر ئاسوودەیت وە ئاسوودەییەکە بەردەوام دەبێت تا خودی خۆت لە پەروەردگار دووردەکەویتەوە.
من ئەمە لێ ئەگەڕێم خۆت ئەزموونی بکەیت تەنیا ڕێگاکەت نیشان دەدەم (نزیکترین شوێن لە چێژەوە دونیایە وە نزیکترین شوێن لە ئاسوودەییەوە ئایینە.)
هەستەکانت کۆنترۆڵ بکە بەر لەوەی ئەوان تۆ کۆنترۆڵ بکەن.

## تێبگە لە ژەهر

جوانترین پێناســه بۆ ژەهر وتەی عاریفێک بوو کە لە وەڵامدا فەرمووی: (هەرشتێک لە بڕی خۆی زێدەڕەوی تێدا کرا ژەهرە).

(الله تبارك وتعالى) دەفەرموویت: (وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ) الأنعام :١٤١

واتە : زێدەڕەوی مەکەن، چونکە بێگومان پەروەردگار زێدەڕەویکارانی خۆشناوێت.

زێدەڕەوی کردن هەموو شتێک دەکاتە ژەهر و ناشرینی دەکات. زێدەڕەوی لە شتی خراپدا نوقمت دەکات، وە لە شتی باشدا لەبەر چاوت دەخات.

هاوڕێ گیان.. زێدەڕەوی کردن بە باش و خراپ هەر خراپە، لەوانەیە سەیربێت بەلاتەوە چۆن بە باش و خراپ هەر خراپە.

زێدەڕەوی لە خراپ بووندا چ ئایینی بێ یا دونیایی خراپییەکەت لێ دەکات بە خوو وە ڕێگری دەکات لە باش بوون یا ڕێگری دەکات لە وازهێنان لە خراپییەکە و ناتوانیت وازی لێ بێنیت. جا لێرەدا یەک گومانی بچوک بڕەوێنینەوە، ئەویش ئەوەیە وازهێنان لە خراپە یا لە خوویەکی خراپ پەیوەست نییە بە توانینەوە بەڵکوو پەیوەستە بە ویستنەوە، بۆ نموونە زۆر کەسی ئازیز هەیە کە پێی دەڵێیت واز لەو خووە خراپە بێنە ئالودەت دەکات دەڵێت من خۆم نامەوێت ئەگینا کەی بمەوێت ئەتوانم وازی لێ بێنم. جا ئەگەر لێی بپرسیت دەی بۆ ناتەوێت وازی لێ بهێنیت، ئەوا وەڵامێکی ڕازیکەری پێ نییە چونکە خودی نەویستنەکە کێشەکەیە نەک

**نەتوانینەکە خۆ من دەزانم ئەگەر بتەوێت دەتوانی هەر ئێستا دەست لەو کارە هەڵبگریت بەڵام ئایا دەتوانیت وا لە خۆت بکەیت کە بتەوێت دەستی لێ هەڵبگریت؟**

**بۆیە زێدەڕەوی لە خراپە بچوکەکاندا گەورەیان دەکات.**

**زێدەڕەوی کردن لە باشیشدا هەر خراپە کە وەک میزەڵدانێک وایە و بێ ئاگا هەر فووی تێدەکەیت و گەورەی دەکەیت تا لە پڕ دەتەقێت بە ڕووی خۆتدا.**

**تۆ بڕوانە.. خۆشەویستی پایەیەکی گەورەی نێوان پەیوەندییەکانە چ پەیوەندی هاوڕێیەتی یاخود برایەتی یان خوشک و برایەتی یا پەیوەندی دوو هاوسەر، وە ئەم پایەیە یەکێکە لە نێرگزە جوانەکانی ژیان. بەڵام کاتێک زێدەڕەوی لەم جوانیەشدا دەکرێت دەبینی زۆر شتی ناشرین دێتە ئاراوە، پەیوەندییەکان تێکدەچن بەسەر یەکدا.**

**جا ئەمە تەنیا یەک نموونە بوو بۆ هەموو نموونەکان تا تێبگەی مشاری زێدەڕەوی درەختی هەرچی جوانی ژیان هەیە دەبڕێتەوە.**

**لەناو ئیسراف باش و خراپ**
**عاقیبەی شەڕ هەدەفە**
**چ خاڵێکە لە بۆ ئیسراف**
**لە حوبیشدا هەر ئەسەفە**

**لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە بۆ دیاریکردنی ڕێژەکان..**

زێدەڕەوی لە ڕێژەکاندا بە پێی شێواز و کەسەکان دەگۆڕێت کەوا ئاساییە دایکێک منداڵەکەی خۆی زۆر خۆشبوێت بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ نێوان دوو هاوڕێ زێدەڕەوییە.

بۆ نموونە هەوڵدان بۆ بەرهەمداری یەکێکە لە باشییەکان، ڕێژەکەی لە کەسێک بۆ کەسێکی تر وە لە ئاستێک بۆ ئاستێک و لە شێوازێک بۆ شێوازێکی تر دەگۆڕێت، من پێشتر لە پڕ دادەگیرسام دەموت بۆچی ئیمام ئەحمەد لە ڕۆژێکدا ٣٠٠ ڕکعات نوێژی دەکرد بەڵام من چەند ڕکعاتیکی کەم ناتوانم، یان ئیمامی نەوەوی چۆن لە ڕۆژێکدا ١٢ وانەی خوێندووە من ناتوانم. ئەمە لێم ببوو بە وەهم تا تێگەشتم کە دکتۆرێک کە ناوسکی مرۆڤی لەبەر چاوە، چەندین ساڵ خوێندوویەتی وە یاریزانێکی لەشجوانی کە ١٠٠ کیلۆ بەرزدەکاتەوە چەندین شەو لە سەرما و گەرما ئازاری جەستەی داوە تا گەیشتووە بەمە وە ئەمانە هەموویان ئاستەکەیان وردەوردە زیادی کردووە، بۆیە زێدەڕەوییە بۆ من بمەوێت بە ساڵێک بگەمە ئەم ئاستانە.

پوختەی قسان ئەوەیە ڕێژەی ئەو کارەی کە دەیکەیت بە پێی بەردەوامیت زیاد دەکات، ئەمڕۆ ڕێژەی خوێندنەوەی تۆ ٢٠ لاپەڕەیە لە ڕۆژێکدا، ئەکرێ سەردەمێک بێتە پێش ڕێژەی ئاساییت بگاتە ١٥٠ لاپەڕە لە ڕۆژێکدا.

جا ئازیزی من.. هەموو مرۆیەک هەڵە دەکات و تووش دەبێت، گرنگ ئەوەیە زێدەڕەوی نەکەیت و زوو دەستی لێ هەڵبگریت، وە هەموو کارێک تا ئەو کاتە جوانە و بەرهەمدارە کە لە ڕێژەی خۆیدا بیهێڵیتەوە و بەردەوام بیت لەسەری.

# تێبگە لە منداڵ

ئای چەندە خولیامە و چێژ لە بینینی جیهانی منداڵ دەبینم، بوونەوەرێکی سەیرن چەندین پەندی گەوهەرییان هەیە.

هەموو کارەکانی بە پلەبەندییە و پەلەی نییە، هەنگاوبەهەنگاو لە پێشدا لەسەر پشت ڕاکشاوە و هەموو هەوڵێک دەدا تا خۆی ئاڵوگۆڕ بکاتە سەر سنگ، لە پاشان هەوڵ دەدا تا دانیشتنی بۆ ئاسان ببێت، دواتر فێری گاگۆڵکێ دەبێت و تا ڕادەوەستێت و لەسەر پێیەکانی خۆی دەڕوات، پێیانێک کە لەسەرەتاوە تەنیا پارچەیەکی نەرمی بێ وزە بوو ئێستا مرۆڤێکی هەڵگرتووە.

منداڵ هەمیشە لە ئێستایدا دەژی، خەمی ئەوەی نییە ساڵێک و دوو ساڵی دیکە چی بکات و چی ڕوودەدات، وە کاتیشی نییە خەفەت لە ڕابردوو بخوات کە ئەوەی ویستوویەتی بۆیان نەکڕیوە هەر دوو خولەکە و خێرا بە یارییەک لەبیر خۆی دەباتەوە.

هەموو ژیانی پڕە لە فێربوون هەر کە هەڵدەستێ تا دەخەوێ بەردەوام فێردەبێت، چونکە هەموو شتێک نوێیە بۆی، هیچ زمانێک نازانێت و هیچی نەدیوە کەچی بە چەند ساڵێک خۆی فێری زمانی چواردەوری دەکات، هەردەم حەزی بە سەرکێشی و تاقیکردنەوەی شتی نوێیە لە بەرزاییەوە خۆی فڕێ دەدات، ئەوەی لایگرنگ نەبێ تەپ و تۆزە، تەنیا ئامانجەکە ئەوەیە خۆی تاقیبکاتەوە کە بزانێت دەتوانێت ئەو کارە بکات یاخود نا.

فێربە.. بچوک بە تا گەورە بیت، لە هەر کارێکدا ئەم سێ سرووشتەی منداڵت تیا نەبێت فێرنابیت.

هەر کارێکت ویست هەنگاوبەهەنگاو بۆی بڕۆ و پەلە مەکە، جارێک کەسێک ماتۆڕسکیلێکی پێدام تا کارێکی بۆ بکەم و دەترسا خێرا بڕۆم، قسەیەکی سەیری کرد وتی: خاو برۆ، چونکە پەلە بکەیت ناگەیت.

منیش هەمان شتت پێدەلێم: خاو بڕۆ، چونکە پەلە بکەیت نەک درەنگ دەگەیت بەڵکوو هەر ناگەیت.

سەر هەڵمەبرە و سەیری دواوە مەکە و سەرقاڵی ئەوەی بەردەمت بە.

ئاشقی فێربوون بە، هەردەم وتوومە یەکەم شت فێری بیت ئەوەیە فێری فێربوون بیت، مەوەستە هەمیشە ژینگەکەت با نوێگەری تێدا بێت و فێری شتی نوێ بیت.

**کە منداڵ بووی کەم خەمی**
**دانیش و خواردنت بوو**
**برینی سەر ئەژنۆکانت**
**شاهیدی فێربوونت بوو**
**چۆنە ئێستا ڕا گۆڕاوی**
**حەزی فێربوونت نییە**
**هەرچەند دەخۆی بێ دەرئەنجام**
**هەستی تێربوونت نییە**

## تێبگە لە فێربوون

لە بەشی پێشوودا لەسەر فێربوون ئاماژەم بە شتێکدا، کە باشترین شت فێری ببیت ئەوەیە فێری فێربوون بیت.
کێشـــەی من ئەوە نییە کە ئایا تۆ فێری چی دەبیت بۆ ئەم خاڵە لەوانەیە چەندین ڕێگات لەبەردەم بێ تا باشـــترین مادەکان بدۆزیتەوە فێریان ببیت.
بەڵام کێشـــەی من ئەوەیە کە فێربیت جا هەرچییەکە، بیرمە دۆســـتێک پرسی فێری چی ببم.. منیش وتم فێری زمانی مۆزەمبیقی ببە.
لە ڕوانگەی منەوە چاڵەکە ئەوە نییە کە فێری چی ببی بەڵکوو ئەوەیە ئایا خۆت سەرقاڵ کردووە بە فێربوونەوە؟
فێربە و فێربە بەردەوام شتی زیاتر بزانە، کەسایەتی و شەخسییەت ئەوە نییە چاویلکەیەکی ڕەش لە چاو بکەیت و پۆشاکی گرانبەها لەبەر بکەیت، یان بە ڕێگادا بڕۆیت و خۆت نەدەیت بە دونیا و وابزانی ئەمە لوتکەی کەسـایەتییە. با پێت بڵێم کەسـایەتی چییە، کەسـایەتی ئاسـتی زانیاری تۆیە لە بـابەتێکـدا، واتە تۆ چەنـدێـک لە بـابەتێکـدا فێربوویـت ئەوا کەسایەتی تۆ لەو بوارەدا هێندە بەرزە.
بۆ نموونە هەموومان ئەنیشـتاین دەناسـین کەسـێکە لە زانسـتدا لە ئـاسـتێکی بـاڵادایە بۆیە لەلای ئەهلی زانســـت ئەنیشـتاین خـاوەن کەســـایەتییەکی بەرزە، بەڵام دڵنیـات دەکەمەوە کە ئەنیشـتاین لە نـاو خەڵکی تۆپی پێدا هەمان کەسایەتی نییە، چونکە ئەو لە بوارەکەدا شارەزا

نییە خۆ گەر قسـەیەکی لە ڕاهێنـانی تۆپـپێـدا بکردایە لەوانەبوو یاریزانەکان پێی پێکەنینایە.
بۆیە ڕادەی کەسایەتی تۆ ئاستی فێربوونت دیاری دەکات، تا چەند خۆت فێری بابەتی نوێ بکەیت کەسـایەتی زیاتر بەرهەم دێنیت، بابەت و مادە زۆرزۆرە بۆ فێربوون، بـا بڵێین پێویســت نییە لە سـەردەمی خـاوەن ئینتەرنێت کە هەموو شتێک ئاسان بووە تۆ لە زمانێک زیاتر نەزانیت.
کە کـاتی بەتـاڵـت هەیە هەوڵی فێربوون بە، ئەم فێربوونە خـانەکـانی مێشـکت دەکشـێنێت و مێشـکت فراوان دەبێت هەتا زیاتر فێربیت زیاتر فێربوونت بۆ ئاسان دەبێت، بیرمە لە مامۆستاکەمم پرسی باشترین ڕێگا چییە بۆ لەبەرکردن، فەرموویان: لەبەرکردن.
واتە لەبەرکردن باشـترین ڕێگایە بۆ لەبەرکردن، هەتا زیاتر لەبەر بکەیت زیاتر مێشـکت فراوان دەبێ بۆ لەبەرکردن بەهەمان شـێوە فێربوونیش وایە.

# تێبگە لە من

تێبگە لێم کە بۆ ئەمەم نووسـیوە، ئەسـڵەن تێبگە کە ئەمە چییە نووسیومە. ئەمە کۆمەڵە قسـەیەک نین لەسـەر پەڕەیەک بیخوێنیتەوە و وێنەیەکی بگری و بە دەم خۆتەوە بڵێی ئەشـهەدو ڕاسـتدەکات، ئەمانە یادخەرەوەن، دڵنیابە ئەگەر ڕۆژانە و هەفتانەش نەتوانیت بیخوێنیتەوە پێویستە مانگی جارێک ئەمانە وەبیر خۆتی ڕادێریتەوە.

من بانگت ناکەم بۆ کۆمەڵە وتەیەکی هاندان بڵێم ئەتوانیت ئەوە بکەیت و ئەمە بکەیت، تۆ بەهێزیت، تۆ ئەتوانیت گەردوون ڕزگار بکەیت، نا.. من دەتهێنم بۆ قسـەی واقعی و ڕاسـتەقینە، موژدەی پەمەییت پێ نادەم و بڵێم ئەگەر ئەمانە بکەیت ژیانت خۆش ئەبێت بەڵکوو دێم دەتترسێنم کە ئەگەر ئەمانە نەکەیت ناژیت، ژیان بە مانای مردن ناڵێم بەڵکوو لەوانەیە گوزەرانێکی باشیشت هەبێت بەڵام لە کۆتاییدا نائاسوودەیت.

شـیخی تەزکیە و ئارامی دڵان ئیمامی (ابن قيم الجوزی)، ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت: ( لن ينال راحة إلا بترك راحة).

واتە: پشـوودان بە دەسـت نـایەت تەنیـا بە وازهێنـان نەبێت لە پشوودان.

هەموو کەس هیلاکییەک و پشـودانێک قەرزدارە، وە بەدەسـت خۆیەتی کامیان پێش کامیان دەخات.

ئەگەر لە ژیان هیلاک بوویت لە قیامەت پشوو دەدەیت، وە ئەگەر لە دونیا پشوتدا لە قیامەت بە هیلاک ئەچیت.
ئەگەر لە سـەرەتای تەمەنت هیلاک بیت لە نیوەی کۆتا پشـوو دەدەیت، ئەگەر لە سەرەتادا پشوتدا لە دوایدا بەشێکت بۆ نامێنێت.

**بەشی نەما ئەوەی هەر زوو بەشی خۆی خوارد**

**ڕا نابوێرێ ئەوەی سەرەتا ڕایدەبوارد**

من دەمەوێ تێبگەیت لە تێگەشـتن، خۆ ئەگەر تۆ تەنیا لەو پێنج خاڵە تێبگەیت و واز بێنیت من ئامانجەکەم نەپێکاوە، بەڵکوو دەمەوێت ئەم چەند خاڵەی پێشوو دەروازەیەک بێت بۆ تێگەشتنی تۆ، دەروازەیەک بێت تا فام بکەیتەوە و بیر لە شـتەکان بکەیتەوە، چونکە ئامانجی من ئەوە نییە ماسـیت بدەمێ.. بەڵکوو هاتووم فێری ڕاوە ماسـیت بکەم. تێبگە لە هەموو شـتێک، لە خۆت لە چواردەورت لەو کارانەی دەیانکەیت، کامەی سـوودت پێدەگەیەنێت و کامەی سـوودت پێناگەیەنێت، چونکە سـوود نەبینین گەورەترین زیانە لە خۆتی بدەیت. مامۆسـتاکەم دەی فەرموو: هیچ کارێک پێنج چرکەی خۆتی پێ مەدە ئەگەر سـوودی بۆ پێنج سـاڵی داهاتووت نەبوو.
دووبـارە دەیڵێمەوە من هـاتووم بۆ قسـەی واقعی و ڕاسـتەقینە، ئەمە ڕێگاکەیە و ئەمەش چراکەیە.

سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ